# هەڵوێستی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەرامبەر شۆڕش و جوڵانەوەی بارزانییەکان 1930-1936

د. بژار عثمان أحمد[1] د.سەرسام خليل عمر[2]

[1] بەشی مێژوو، فاکەڵتی ئاداب،زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان- عێراق
[2] بەشی کارگێری یاسایی/ پەیمانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر،زانکۆی پۆلیتکنیکی هەولێر، هەرێمی کوردستان- عێراق

**پوختە**

لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی دووەم لە ساڵی 1914 نەبووە هۆی کۆتایی هێنان بە هزری ڕزگاری خوازی و نەتەوەیی لای بارزانیەکان، بەڵکو شۆڕشی یەکەمی بارزان بووە هۆی دەرکەوتنی چەندین سەرکردەی دیار لەناو بارزانیەکان، هەروەها دەرخەری ئەوڕاستیەش بوو کە خودی شێخ ئەحمەد بارزانی زۆر لێهاتوانە هەر حەوت عەشیرەتەکەی فیدراسیۆنی بارزانی بەدەستەوە گرتوو و بەهیچ جۆرێك ئامادەی ژێردەستی حکومەتی عێراق- بەریتانی نەبوو. هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی حکومەتی عێراقی بە ناچاری داوای هاوکاری و هەماهەنگی لە بەریتانیا و ئێران و تورکیا بکات بۆ زاڵ بوون بەسەر جووڵانەوەکانی بارزان. بەگشتی ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەك و دوو تەوەرەی سەرەکی پێك دێت، کە ئەوانیش دابەش دەبن بۆ سەر چەند باسێك، لەوانە لە دەروازە دا باسی بارودۆخی سیاسی دەڤەری بارزان بەر لە ساڵی 1930 کراوە، لە تەوەرەی یەکەمدا باسی هەڵوێستی وڵاتانی هەرێمی بەرامبەر جوڵانەوەکانی بارزان 1930-1936 کراوە، لە تەوەرەی دووەمدا باس لە هەڵوێستی وڵاتان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە جوڵانەوەی بارزانیەکان 1930-1936 کراوە.

**کلیلە وشەکان:** شێخ ئەحمەد، خەلیل خۆشەوی، بارزان، کورد، بەریتانیا.

## 1. پێشەکی:

جووڵانەوەکانی بارزان لە ساڵانی 1930-1936 بە تەواوکاری هەستی نیشتمانی و ڕزگاریخوازی بارزانییەکان دادەنرێت کە لەسەردەمانی پێشوودا بناغەیان بۆدانابوو، بەڵام لەو قۆناغەدا شێخ ئەحمەد بارزانی زیاتر چەسپاندی و لەگەڵ دەوڵەتی نوێی عێراق و داگیرکاری بەریتانیا کەوتە ململانێ لە پێناو زامن کردنی مافە نەتەوایەتیەکانی کورد، چونکە ناوبراو هەم شێخ بوو هەمیش سەرکردەیەکی نەتەوەیی لێهاتوو بوو، لەگەڵ ئەمەش دا چەندین سەرکردە و فەرماندەی لێهاتووی هەبوون وەکو ( مەلا مستەفا بارزانی، شێخ محەممەد سدیق، خەلیل خۆشەوی، ولی بەگ، ئەحمەد نادر..هتد). هەروەها خودی جووڵانەوەکەی ئەو لە ئەنجامی خراپی بارودۆخی دەڤەری بارزان و پاشگەزبوونەوەی حکومەتی عێراقی لە بەجێ گەیاندنی بەڵێنەکانیان بۆ دەڤەری بارزان و بێ ئومێد بوونی خەڵکەکە لە حکومەتی عێراقی و خراپی سیاسەتی بەریتانیا لەماوەی ئینتداب دا وایکرد ئەم جووڵانەوانە سەر هەڵبدات و شۆڕشی یەکەمی بارزان سەرهەڵبدات و تاماوەیەکی درێژ کۆتایی پێ نەیەت.

ئەوەی پەیوەست بێ بە کێشەی توێژینەوەکەمان ئەوەیە کە زانیاری سەبارەت بە هەڵوێستی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی سەبارەت بە بارزان جوڵانەوەکانی بارزان زۆر کەم بێت، چونکە پشتیان بە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتی عێراقی و تورکی و بەریتانی نەبەستووە وەکو پێویست، هەر ئەمەشە وایکردووە تێڕوانین و بۆچوونی جیاواز بۆ شۆڕشی یەکەمی بارزان و جوڵانەوەی خەلیل خۆشەوی درووست ببێت. زیاتر لەوەش، شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزان و خەلیل خۆشەوی بەدوو جووڵانەوەی جیاواز هەژمار دەکەن. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیە دا

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 3، العدد 2 (2022)
أُستلم البحث في 15 مايو 2022؛ قُبل في 16 أكيوبر 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 29 **ديسمبر** 2022
البريد الإلكتروني للمؤلف: bzhar.ahmed@hist.soran.edu.iq ; sarsam.shwani@epu.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2022 بژار، سەرسام. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

باس لە هەڵوێستی عێراق و بەریتانیا و ئێران و تورکیا و کۆمەڵەی گەلان بەرامبەر جولانەوەکانی بارزان دەکەین، ئەویش بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە بلاَنەکراوەکانی بەریتانی و تورکی. هەروەها ئامانج لەم توێژینەوەیە دا ئەوەیە کە تیشك بخەینە سەر خاڵە نهێنییەکانی پەیوەندی نێوان دەوڵەتی عێراق لەگەل وڵاتانی دراوسێ و بەریتانیا لە ماوەی سالانی 1930-1936، هەروەها گەڕانە بەدوای وەلامی ئەو پرسیارەی کە ڕادەی هاوکاری و هەماهەنگی نێوان حکومەتی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی ڕۆژئاوا چۆن بووە؟، ئەویش بە پشت بەستن بە چەند میتۆدێکی زانستی لە پێش هەموویان میتۆدی شیکاری و مێژوویی و خستنەڕو و شیکردنەوەی دەقی بەڵگەنامەکان وەکو سەرچاوەی یەکەم، هەروەها بەکارهێنانی سەرچاوە زانستییەکانی تر وەکو لێکۆڵینەوە زانستییەکان و نامەی ماستەر کە زانیاری وورد لە بارەیەوە دەدەن، لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەش (ڕۆژ عەبدوڵلا عادل: ناوچەی بارزان لەنێوان ساڵانی 1931-1946 "لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە"، ماستەرنامەی بلاونەکراوە، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر: 2010) ، (مستەفا محەممەد کەریم، پێشهاتە سیاسییەکانی دەڤەری بارزان، لە ماوەی ساڵانی 1902-1932، هەولێر، چاپخانەی ڕۆکسانا، 2022) کە نموونەی سەرچاوەی گرنگی ئەم توێژینەوەیەن، هاوکات چەندین سەرچاوەی تر کە لە لیستی سەرچاوەکان دا ڕیزبەند کراون.

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی لەم لێکۆڵینەوەدا پێی گەیشتوین بریتیە لەوەی کە وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەماهەنگ بوون لە کپکردنەوەی جولانەوەی بارزانییەکان لەماوەی ساڵانی 1930-1936. هەروەها کۆمەڵەی گەلان سەرەڕای هەبوونی ئەو هەمو کوشتار و کاولکارییەی فڕۆکەکانی بەریتانی لە بارزان، بەڵام بێدەنگ بوون و بەیەك ووشە نارەزایەتی خۆیان دەرنەبڕی لە بەر بارودۆخی ئەو کاتی جیهان و بوونی هەژموونی وولاتانی زل هێز بەسەر هەڵوێست و بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان. لەگەل ئەمەش دا بەریتانیا هەر لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە هەولیداوە کۆنترۆلی بارزان و شێخ ئەحمەدی بارزانی بکات بە مەبەستی لاواز کردنی هەستی ناسۆنالیستی و نەتەوەیی کوردی، بەڵام لەمەدا سەرکەوتوو نەبوو.

بێگومان هیچ کارێك بێ هەڵە و بێ کەموکوڕی نابێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئێمە هەوڵمانداوە بەو پەڕی ئەمانەتەوە ڕووداوە مێژووییەکان تۆمار بکەین و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەیان بۆ بکەین ئەویش بە پاڵپشتی بەڵگەنامە بەریتانی و تورکییەکان و سەرچاوە زانستیەکانی تر.

## 2. دەروازە: بارودۆخی سیاسی دەڤەری بارزان بەر لە ساڵی 1930

لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی 1918 و هاتنی بەریتانیا بۆ باشوری کوردستان، دەبینین هەرزوو لەلایەن بارزانییەکان و خەڵکی ناوچەکانی بادینان و زاخۆ و ئامێدی ڕووبەڕوویان بوونەوە لەساڵی 1919ز بارزانییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە دەرکردنی بەریتانییەکان لەناوچەکەدا (کەریم، 2022، 125)، تەنانەت ئەوکاتە بەریتانیەکان ئاگاداری هەڵوێستەکانی شێخ ئەحمەدی بارزان بوون کە بەهیچ شێوەیەك ئامادە نییە سازش بۆ بەریتانیەکان بکات (Jebb, 1919, 4). هەڵبەتە هەستی نیشتمان پەروەری شێخ ئەحمەد بارزانی وایکرد نەك هەر تەنها خۆی ڕادەستی حکومەتی عێراق- بەریتانیا نەکرد، تەنانەت بەشداری لە هاوکاری و یارمەتی شۆڕش و جولانەوەکانی باشور و پارچەکانی تری کوردستان کرد، بۆ نموونە، لە ساڵی 1919 هێزی بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی نارد بۆ سلێمانی بۆ هاوکاری شێخ مەحمودی حەفید، بەڵام بەهۆی بەربەستی بەریتانیا تا گەیشتنە سلێمانی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود لەلایەن ئینگلیز کۆتایی پێهێنرا (شوانی، 2021: 118). لە هەمان کات دا شێخ ئەحمەد بارزانی بوو بە سەرۆکی لقی کۆمەڵەی پشتیوانی کورد لەناو هۆزە کوردییەکانی لیوای موسڵ. هەروەها لەساڵی 1931 هەڵسا بە ناردنی هێزێکی 400 کەسی بۆ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر داوای سەیید موحسین برای سەید تەها بۆ تۆلەکردنەوەی خوێنی سمکۆی شکاك، هەروەها لە سەردەمی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران دا 1925 هێزێکی بەسەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی ڕەوانەی باکوری کوردستان کرد ، تەنانەت هاوکاری شۆڕشی ئاراراتی کرد لە باکوری کوردستان، ئەمە لەکاتێك دابوو بەریتانیا هەمیشە دەیویست عێراق وەکو دەوڵەتێکی بەهێز پێشان بدات و بەردەوام پروپاگەندەی بۆ دەکرد و باسیان لەوە دەکرد کە عێراق وڵاتی پێشکەوتوخوازە و خەڵکەکەی خۆشگوزەرانە (کەریم، 2022، 127،132، 134، 143، 177 ، 144). هەموو ئەمانە بوونە هۆکاری ئەوەی حکومەتی عێراق بەتوندی لەدژی شێخ ئەحمەدی بارزان بوەستێتەوە، بەڵام لە بەرامبەردا شێخ ئەحمەد بارزانی بەرگری لەناوچەکە کرد و بە ئازادی هێشتییەوە، سەرئەنجام بووە هۆی درووستبوونی شۆڕشی یەکەمی بارزان لە ساڵی 1931، دواتریش ئەم شۆڕشە پەرەی سەند، دوای چەندین شەڕ و پێکدادان سەرئەنجام جولانەوەی خەلیل خۆشەوی درووستبوو، کە ئەمەش درێژەی کێشا تاکو ساڵی 1936 (ئەرگوشی، 2010، 53-54). تەنانەت خودی جولانەوەی بارزانیەکان وایکرد لەدواتر دا وولاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەتایبەت وولاتێکی زلهێزی وەکو بەریتانیا هەڵوێستی جیاواز لەدژی جولانەوەی بارزانیەکان بنوێنن، تەنانەت ئەوەی ترس و دڵەراوکێی بەریتانیەکانی زیاد کرد بەرامبەر بە شێخ ئەحمەد بارزانی و شێخ مەحمودی حەفید ئەوراپۆرتانە بوون گوایە ئەوان هەوڵیان داوە پەیوەندی بە فەڕەنساوە بکەن لە پێناوی بەدەستهێنانی پشتگیری دژ بە حکومەتی عێراقی (البارزاني،2002 ،37).

## 3. تەوەرەی یەکەم: هەڵوێستی وڵاتانی هەرێمی بەرامبەر جولانەوەکانی بارزان 1930-1936

### 3.1. یەکەم: تورکیا

بەر لە سەرهەڵدانی شۆڕشی یەکەمی بارزان، دەبینین شێخ ئەحمەدی بارزان بەهۆی هاوکارییەکانییەوە بۆ شۆڕشی ئارارات و شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، تورکیا هەلوێستی لەدژی نواند و بە فەرمی داوایان لە حکومەتی عێراق کرد سنوورەکانیان بەهێزتر بکەن ئەویش بەهۆی هاوکاری کردنی کوردەکانی باشوری کوردستان (کوردستانی عێراق) بۆ کوردانی باکور (کوردستانی تورکیا) لە ماوەی شۆڕشی ئارارات دا، تەنانەت هێزێکی باشوری کوردستان بەشداری شۆڕشی ئاراراتیان کرد و ڕووبەڕووی سوپای تورکیا بوونەوە لەوکاتەدا (کەریم، 2010، 144، 146). هەربۆیە دواتر دەبینین بەهۆی پاڵەپەستۆی تورکیاوە بەپێی بەیاننامەی سێ قۆڵی نێوان تورکیا و عێراق و بەریتانیا کە هەردوو دەوڵەتی تورکیا و عێراق ڕێگە نەدەن بە چالاکیەکانی کورد لەسەر سنوور (کەریم، 2022، 154).

تەنانەت لە دواتر دا حکومەتی عێراقی داوای لەتورکیا کردوو لەدژی شێخ ئەحمەد بوەستنەوە، هەر لەو بارەیەوە لە بەڵگەنامەیەکی کۆماری تورکیادا لەڕێکەوتی 21-

1932-5 ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە لە دوو قۆڵەوە حكومەتی عێراقی ئامانجی هێرشكردنە سەر ناوچەكانی بارزان و شێخ ئەحمەدی بارزانی هەیە، بەتایبەتی لە كاتی ڕۆیشتنی شێخ ئەحمەد بۆ ناو خاكی توركیا، هەر بۆیە لە بەیاننامەیەكی فەرمی سەرۆكوەزیرانی عێراقی (نووری سەعید) بۆ باڵیۆزی توركیا لە بەغدا، ئەویش لەڕێگەی وەزیری دەرەوەی توركیاوە بە سەرۆكوەزیرانی توركیا ڕاگەیەنراوە، جگە لەمەش داوای گەڕاندنەوەی شێخ ئەحمەدی بارزان و لایەنگرەكانی دەكات. هەروەكو لەناوەڕۆكی بەڵگەنامەكەدا دەڵێت:

وێنەیەك لە نووسراوێكی كۆد كراو (شیفرەدار) بە ژمارە 546، لەڕێكەوتی 21-5-1932 ئەمڕۆ سەرۆكوەزیران (نووری سەعید پاشا) لە بەیاننامەیەكی دا بۆ ئێمە (باڵیۆزی توركیا لە عێراق)، لەدوای ڕووداوەكانی بارزان، لەم چەندڕۆژەی داهاتوودا هەڵمەتێك بە ئاراستەی باكووری ڕۆژهەڵات و باكووری ڕۆژئاوای گوندی بەرزەوە (بەرزێ) ئەنجام دەدەن، هەروەها لە باكووری ڕۆژهەڵاتی گوندی بارزانەوە تاكو سنووری توركیا كە لە دەوروبەرەكانی گەڤەند (چیایی گۆڤەند) دەیانەوێت بپەڕنەوە، بۆ ئەمەش داوای لێكردووین سنوورەكانمان بەهێزتر بكەین، هەروەها داوای لێكردووین كە ئەگەر (شێخ ئەحمەد و لایەنگرانی) لە بارزانەوە بە سەركەوتوویی بپەڕنەوە دیوی توركیا، ئەواڕادەستی حكومەتی عێراقی بكەینەوە، كە بۆ ئەمەش منەتباری دەوڵەتی توركیا دەبێت.. فەرمان لە سەرۆك وەزیرانەوەیە (.10-741-259-000-000-010-0-030 .T.C)

لەقۆناغەكانی دواتردا دەبینین توركیا جوڵانەوەی زیاتر ئەنجام دەدات لەدژی جوڵانەوەی بارزانیەكان، بەتایبەتی لەسەردەمی خەلیل خۆشەوی دا، كە هەندێك كات چالاكی ئەنجام دەدا و دەپەڕییەوە دیوی توركیا، لە دواتردا دەسەڵاتدارانی موسڵ داوایان لە مودیری گرانا و قایمقامی (دزێ)ی گەوەڕ سەر بە توركیا كرد، كە خەلیل خۆشەوی دەربكەن لە ناوچەی گەردییەكانی توركیا، چونكە خەلیل خۆشەوی ماوەیەكی زۆر دەپەڕییەوە بۆ دیوی توركیا. هەروەكو باسكراوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی توركیا لە شاری وانەوەیەك بەتالیۆنی پیادە و یەكێكی جەندرمە نێردرابوون بۆ ناوچەی بێڕۆخ بۆ دەركردنی خەلیل خۆشەوی لە خاكی توركیا.. تەنانەت بەڵگەنامە بەریتانیەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە حكومەتی عێراقی داوایان لە توركیا كردووە بۆ دەركردنی خەلیل خۆشەوی و لایەنگرەكانی لە گوندی (بێڕۆخ) لە خاكی توركیادا، كە بۆ ئەمەش دەڵێت: «لە كۆتایی مانگی شوباتی 1934، دەسەڵاتدارەكانی مووسڵ كەوا جار بە جار داوایان لە بەڕێوەبەری گرانا و قایمقامی دزێی گەوەڕ سەر بە توركیا دەكرد كە خۆشەوی دەربكەن لە ناوچەی گەردی توركیا، كەوا ڕاگەیەنراوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی توركیا لە وان كەوایەك بەتالیۆنی پیادە و یەكێكی جەندرمە نێررابوون بۆ ناوچەی بێڕۆخ بۆ دەركردنی خەلیل خۆشەوی لە خاكی توركیا (.13.IOR/R/15/2/294, p) زیاتر لەوەش هەر لە كاتی مانەوەیدا لە توركیا، ئەوا بەڵگەنامەیەكی تری بەریتانی ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كەوا خەلیل خۆشەوی هاتووەتە گوندی گەردییەكانی دیوی توركیا و لەوێ ماوەتەوە بۆ ماوەیەك، كە لە كۆتاییەكانی مانگی ئایار 1934 خەلیل خۆشەوی ڕووی كردە یەكێك لە گوندەكانی گەردیەكانی توركیا بۆ خۆ حەشاردان و ئەگەری ئەوە هەیە كە هێشتا لەوێ بێت. لە ماوەی هەر دوو مانگی ئایار و حوزەیراندا ئەو و شوێنكەوتووەكانی بە بێدەنگی مانەوە. لەوانەیە ئەمە بەهۆی بەردەوامبوونی گوشار بێت لەلایەن هێزەكانی حكومەتەوە، كەوا ئێستا شوێن گۆڕینیان نیمچە ئەستەم بووە بۆیاخیبووەكان بۆ جووڵەكردن لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكیتر. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاگەیەنرا كەوا لایەنگرانی خەلیل خۆشەوی هەموو پاوانەكانیان سووتاندووە لە ناوچەی باكووری شێروان مەزن. بەهۆی ژمارەیەك لەویاخیبووانەی كەوا ڕازی بوون بە خستنەڕووی حكومەت "دەخالەت" بڕوا وابوو كەوا كۆی گشتی ژمارەی ئەویاخیبووانەی كە هێشتا ماونەتەوە لەگەڵ خەلیل خۆشەوی دەگاتە نزیكەی تەنیا 40 پیاو (12.IOR/R/15/2/294, p).

ئەمانە دەری دەخەن كە خەلیل خۆشەوی باكووری كوردستانی هەم بۆ مانەوەی خۆی و هەمیش بۆ دووبارە پلاندانان و ئەنجامدانی چالاكی بەكارهێناوە، هەروەها بە دەردەكەوێت كە هۆزە كوردییەكانی باكووری كوردستان لەسەر سنووری عێراق-توركیا هاوكار و هاوسۆزی خەلیل خۆشەوی بوونە.

لە دواتردا بەپێی ڕاپۆرتێكی بەریتانی، كە لە بەغداوە لەلایەن (سێر ف. همفری) نووسراوە و ڕەوانەی لەندەن كراوە بۆ (سێرجۆن سیمون) لەڕێكەوتی 1/9/1935 تێدا ئاماژەی بەوە كردووە كە خەلیل خۆشەوی و پیاوەكانی لە كاری تێكدەرانە لەناوچەی بارزان دا بەردەوامن بەدرێژایی مانگەكانی تشرینی دووەم و كانوونی یەكەمی ساڵی 1934، خەلیل و لایەنگرەكانی لەناو خاكی توركیادا هێرش دەكەنە سەر گوندەكان و پێنج موختاریان كوشتووە، وە چەند گوندنشینێكیان بریندار كردووە. بەپێی ڕاپۆرتەكە ژمارەیان (70- 80) كەس دەبن بەباشی خۆیان چەكدار كردووە و بارەگایان گوندی (بێروخ) ە لە ناو خاكی توركیا، لە درێژەی ڕاپۆرتەكەدا باس لە هەڵوێستی توركیا دەكات بەرامبەر بە بزووتنەوەی خەلیل خۆشەوی و دامركاندنەوەی بە هاوبەشی حكومەتی عێراقی، ئاماژە بەڕۆڵی بەرپرسێكی توركی دەكات كە بەرپرسی ئەو ناوچەیەیە كە خەلیل و لایەنگرەكانی ڕوویان تێكردووە، لەگەڵ بەڕێوەبەری پۆلیسی مووسڵ سەردانی ناوچەی بزووتنەوەكەی كردووە بە مەبەستی هاوكاری سەربازی نێوانیان، لە هەمان كاتدا ئاماژە بەوە دەكات سەردانی بەرپرسی توركی بێ سوودە، چونكە كردارە سەربازییەكەی توركیا بەرامبەر خەلیل و لایەنگرەكانی جێگای نیگەرانی توركیایە لەبەر هاوكاری كردنی هۆزی گەردی بۆ خەلیل خۆشەوی و پیاوەكانی، لەبەر ئەمە پێویستە بەڕێوەبەری پۆلیسی مووسڵ بەتەواوی پشت بە هێزەكانی خۆی ببەستێت، كە ئەمەش كارێكی گرانە، دواتر هێزێك لە هەولێر و ڕواندزەوە بەرەو ناوچەكە دێت بۆ مەبەستی لەناوبردنی چەكدارانی خەلیل خۆشەوی، بەڵام ئەم بێ سوود بووە، چونكە خەلیل خۆشەوی لە 1934/12/26 هەڵی كوتاوەتە سەر بنكەی ئەشغال لەنێوان دیانا و مێرگەسۆر، ئەو ناوچەیە (80) میل لە بارەگای كونسوڵخانەی ئێمە (واتە: كونسوڵخانەی بەریتانیا) دوورە لە دیانا. هەر لەوڕاپۆرتەدا باس لە كەسایەتی خەلیل خۆشەوی دەكات و دەڵێت تاكو ئێستا وەك ڕێبەرێكی میللی بووە، باوەڕ ناكرێت بۆ بەرژەوەندییەكانی خۆی ئەم كارانە ئەنجام بدات (بارزاني، 2002، 167-168). ئەگەر ورد ببینەوە لەدوایین ڕستەی ئەم بەڵگەنامەیەی سەرەوە، ئەوا بۆمان دەردەكەوێت كە خەلیل خۆشەوی بە پێی ڕێنماییەكانی كەسێك جووڵاوەتەوە و چالاكی كردووە، كە ئەویش شێخ ئەحمەدی بارزانە. لەگەڵ ئەمەشدا دەردەكەوێت توركیا لەوە ترساوە كاری چەكدارانی بزووتنەوەكەی خەلیل خۆشەوی پەرە بسەنێت و هەستی بەو مەترسییە كردووە كە ئەم چالاكیانەی خەلیل خۆشەوی نەپەڕێتەوە بۆ ناو خاكی توركیا، ئەویش بەهۆی هاوكاری و هاوسۆزی و لایەنگرانی لە هۆزی گەردی لە دیوی توركیا بۆ خەلیل و خۆشەوی لایەنگرەكانی.

لە ئەنجامی هەموو ئەمانەدا بەڵگەنامە بەریتانیەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە خودی

شێخ ئەحمەد بارزانی و لایەنگران و تەنانەت  خێزانی خەلیل خۆشەوی، لە تورکیاوە تەسلیمی حکومەتی عێراق کراون، دواتریش دەگوترا شێخ ئەحمەد بە بیانووی هاندان و هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ خەلیل خۆشەوی لەڕێکەوتی 23-11-1934 لەمووسڵەوە ڕەوانەی ناسریە کراوە، هەر وەکوو بەڵگەنامە بەریتانییەکە دەڵێت:        خانەوادەی یاخی بووەکان، ئەوانەی کە دەگوترا کە لە بنەڕەتدا لە لایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە ڕاگوێزرابنەوە بۆ دزار گەوەڕ (بڕگەی ١١١ لە کورتەی مانگی ڕابردوو)، ئێستا ڕاگەیەنراوە کەوا لەلایەن خودی یاخی بووە کانەوە گوازرابنەوە بۆ "ناوچەی عێراقی بەرمشکا (1 .28.C/SE. 27.a). خانەوادەی خودی خەلیل خۆشەوی دەستگیر کراون لە بیابان (1 .D/NW 1.d)" لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقی و گوازرانەتەوە بۆ ناو عێراق لە مانگی ئازاری ١٩٣٤ (بەپێی ئەوەی کە ڕاگەیەنرا لە بڕگەی ٩١ی کورتەی مانگی نیسانی ١٩٣٤) باس دەکرێ شێخ ئەحمەدی بارزان، کە گوازرابووەوە لە مووسڵەوە بۆ ناسریە لە ١٩٣٤/١١/٢٣ بە تۆمەتی ئەوەی کە پەیوەندی لەگەڵ خەلیل خۆشەوی هەیە هەستاوە بە هاندانی خەلیل خۆشەوی و کۆمەڵەکەی لەدژی حکومەت، شێخی ناوبراو ئێستاڕێگەی پێ دەدرێت لە ناسرییەوە لەگەڵ خانەوادەکەی بگەڕێنەوە بۆ بەغدا»(.11.IOR/R/15/2/294, p).

لە هەمان کاتدا ئەو کێشە و گرفتەی حکومەتی عێراقی بە نایاسایی لەگەڵ خەلیل خۆشەوی تووشی بووە زۆر خراپتر بووە لەو تاوانەی کە بنکەکەی لە خاکی تورکیایە، چونکە دەسەڵاتدارانی تورکیاش لەسەرەتادا هیچ هەوڵێکیان نەداوە بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست دژ بە خەلیل خۆشەوی، بەڵام ئەگەری ئەوەی هەیە کەوا ئەمە بەهۆی هیچ نیاز خراپیەکەوە نەبێت لە لایەنی حکومەتی تورکیاوە، بەڵام بەهۆی ئەوڕاستییەی کەوا دەسەڵاتە خۆجێکانی تورکیا لەسەر سنوورەکان ڕێکەوتنێکیان هەبوو لەگەڵ خەلیل خۆشەوی کە بەپێی ڕێککەوتنەکە ئەوان بەشی خۆیان وەردەگرن لە هەر تاڵانێك کە لە عێراق بەدەست هاتبێت(.17-16.IOR/L/PS/12/2877, p).

بە هۆی ئەو بەفرە زۆرەی کە هەموو ڕێگاکانی گرتبوو، لە کۆتایی مانگی ئاداری 1935 حکومەتی عێراقی توانی وا لە دەسەڵاتدارانی تورکیا بکات کە ڕێ و شوێنی تووند بگرنە بەر بۆ لەناو بردنیان، لە ئەنجام دا تورکیا (300) پیادەی تورکی نارده سەر سنوور نزیك بێرۆخ، هەروەها بەپێی راپۆرتێکی ڕۆژنامەی (البلاغ) ی حکومەتی تورکیا کارێکی باش و چالاك ئەنجام دەدات بۆ سەرکوتکردنەوەی هەر ئاژاوەیەك کە ئەشقییەکانی کوردی هەوڵ دەدەن لەسەر سنوورەکان ئەنجامی بدەن، بەپێی زانیاریەکانی ڕۆژنامەی ناوبراو هێزێکی سوپای تورکیا نێردراوە بۆ ویلایەتی (هەکاری) بۆ دەرکردنی یاخی بووە کوردەکان کە لە سنووری عێراقەوە دەپەڕینەوە ناو سنووری تورکیا، بە پێی زانیاریەکانی ڕۆژنامەی (خلق سسی) ی تورکی کە لە ماردین دەردەچوو، سێ پێکدادان لە نێوان هێزی تورکی و یاخی بووە کوردەکان دروست بووە، ئەم شەڕانە کاردانەوەی هەبوو لەسەریاخی بووە کوردەکان کە خۆیان بدەن بەدەستەوە، لەجیاتی ئەوەی لەژێر ئاگری تۆپی سەربازەکان بن لە عێراق و تورکیا دا، ئەم کارە هاوبەشەی نێوان (عێراق و تورکیا) یارمەتیدەر بوو بۆ لەناوبردنی هەر بزووتنەوەیەکی یاخی بوو لە وڵاتدا (ئەرگوشی، 2010، 62).                بەڵگەنامە بەریتانیەکان لەبارەی هاوکاری تورکیا و ناردنی هێزی پیادە بۆ سەرکوتکردنی خەلیل خۆشەوی زانیاری جیاوازمان پێدەدەن، هەروەها لەبارەی ڕووداوەکانەوە زانیاری وردتر دەخەنەڕوو، کە دەڵێت: " بە درێژایی وەرزی زستان ناوچەی بارزان بە بەردەوامی گێچەڵی پێ دەکرا لەلایەن گروپەکانی یاخیبووی لەیاسا دەرچوو خەلیل خۆشەوی و دژە ڕێکارەکانیش ئەستەم بوون بەهۆی بەفری زۆرەوە کەوا گشت ڕێگاکانی دادەپۆشی لەو کاتەی ساڵدا. هەرچۆنێك بێت بەرەو کۆتایی مانگی ئازار حکومەتی عێراق سەرکەوتوو بوو لە هاندانی دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆ گرتنەبەری ڕێکاری توندتر. دواتر 300 کەس لە هێزی پیادەی تورکی نێردران بۆ سنور نزیك بێرۆخ و لە دیوی عێراقیشەوە هێزێکی گەڕۆك لە 500 پۆلیس و دوو بەتالیۆنی سنوری سوپای عێراق پێکدەهات، ئەوان جێگیر کران لە هەردوو ناوچەی بارزان و برادۆست. لە ئاکامدا ژمارەیەك بەیەکدادانی بچووك ڕوویاندا کە تیایاندا لەوانەیە خەلیل خۆشەوی نزیکەی 20 تا 30 پیاوی لە دەستدابێت لە کوژراو بریندار. ئەوەش وایکرد خەلیل خۆشەوی زیاتر بێهێز بوو بە وازهێنانی زۆرێك لە پیاوانی کەوا خۆیان ڕادەستی دەسەڵاتە خۆجێیەکان کرد بە مەرجی ئاسان. لە مانگی نیساندا لەبەر ئەوەی کە ڕێگری کرا لە ڕاکردن بۆ شوێنە نەریتیەکانی حەشاردانی خۆی لە سنور لە دیوی تورکیا، ئەوا خەلیل خۆشەوی و هەڤاڵانی چوون بۆ زنجیرە چیاکانی نزیك (دالامبەر داغ)، ئەو شوێنەی کە سنورەکانی تورکیا و ئێران و عێراق بەیەك دەگەن. بۆ ماوەیەك بە حەشاردراوی مایەوە، بەڵام لە دەرەنگانێکی مانگی حوزەیران جارێکی تر ئەو هێرشی کرد و گوندەکانی وێران کرد. بەمەش حکومەتی عێراق دووبارە هێزەکانیان بەهێز کردەوە و حکومەتی تورکیاش هێزە سنوریەکانی توند و تۆڵ کردەوە بە بەکارهێنانی دوو بەتالیۆن لە هێزی پیادە و ٢٠٠ سواری چەك هەڵگر.. ئۆپەراسیۆنە هەماهەنگ کارەکانی هێزەکانی تورکی و عێراقی تا ئاستێکی باش سەرکەوتوو بوون. بەڕەتکردنەوەی پێداویستیەکان شوێن کەوتووانی خەلیل خۆشەوی زۆر  زوو کەم بوونەوە بۆ نزیکەی 20 کەس. لە سەرەتای مانگی ئەیلول هەواڵ لە خەلیل خۆشەوی درا، کە وا ڕایکردووە بۆ ئێران و لە حەفتەی دووەمی مانگی تشرینی یەکەم سەردەمی یاسای ئەحکامی عورفی کۆتایی پێهێنرا. بەمەش لە ئەنجامدا نزیکەی 63  کەس لە شوێنکەوتووانی خەلیل خۆشەوی حوکم دران بەرامبەر دادگا سەربازیەکان و بە ماوەی جوداجودا لە زیندانیکردن حوکم دران و هەشت کەسیش لە سێدارە دران.. دواتر ئەمە وایکرد هەرزوو کە زستان هات کەش و هەوا ئەو هێزە تورکی و عێراقیانەی لە دژی ئەو کۆ کرابوونەوە ناچار بە کشانەوە کرد، خەلیل خۆشەوی گەڕایەوە بۆ مۆڵگە کۆنەکەی کە (چیای گۆڤەند) بوو، لە نزیکەی ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەم ئەو دووبارە هەڵمەتی دەبردە سەر ناوچەکانی باکوری قەزاکانی بەڕۆژ و برادۆست"(.55.IOR/L/PS/12/2877, p)        لەگەڵ ئەمەش دا حکومەتی تورکیا بۆ ئەم مەبەستە هێزەکانی خۆی ڕەوانەی ناوچە سنوورییەکان کردۆتەوە کە پێشتر هاتبوونە ناو خاکی عێراق بۆڕوو بە ڕووبوونەوەی خەلیل خۆشەوی، هەر بۆیە تورکیا هاوکار و هاوئاهەنگ دەبێت لەگەڵ هێزەکانی عێراقی بۆ لەناوبردن و کۆتایی پێ هێنانی (ئەشقییەکان) ئاواتە خواز دەبێت. لە کاتێکدا حکومەتی عێراقی بە درێژایی سنوورەکانی خۆی هێزی دانابوو تاکو دەرفەت لە بەردەم گەڕانەوەیان نەڕەخسێت بۆ ناو خاکی عێراق، ئەمەش گفتۆگۆی حکومەتەکانی لێکەوتەوە لە سەر ئابڵوقەدان و لە ناو بردنیان. لە ئەنجامی هاتنی هێزەکانی تورکیا بۆ سنوور و هاوکاریکردنی سوپای عێراقی لە ئابڵوقەدانی لایەنگرانی خەلیل خۆشەوی و دانانی پلانێکی توکمەی هاوبەشی نێوانیان دەتوانین بڵێین کۆتایی هاتنی کردەوەکانی

جوڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوییە، چونکە تورکیا تەنها بە هاتنە سەر سنوور نەوەستاوە، بەڵکو لەو هاوکاریکردنە دا هاتوونەتە ناو خاکی عێراق، تەنانەت سەرکردەی هەردوو هێزەکانی تورکیا و عێراق لە ناحیەی (شێروان مەزن) کۆبوونەوە، پاش تاوتوێکردن و ئەنجامدانی کاری پێویست بڕیاریان دا هێزەکان بەهاوکاری (بێتەل و بروسك)ەوە پێکەو ببەسترێنەوە، ئەویش بەمەبەستی ئاسانکردنی پەیوەندی لە نێوان هەردوولا دا، پاش جێبەجێکردنی ئەم پێکەوە بەستنەی هێزەکان لەدوای دابینکردنی هاوکاری پێویست، هێزەکان نەخشە وپلانی هاوکاریان دانا بۆ دەستپێکردن بە کرداری گەمارۆ دانی ئەشقییەکانی خەلیل خۆشەوی. (ئەرگوشی، 2010، 62) بە پێی زانیارییەکان لە ناوچەی زێبار کە ئاماژە بە ڕۆڵی حکومەتی تورکیا دەکات، بە بەردەوامی بەدوای ئەشقییەکانی خەلیل خۆشەوی دەگەڕان، کە ژمارەیان (60) کەس دەبوو، بوونەتە سەرچاوەی تێکدانی ئاسایشی خاکی تورکیا و کاری تێکدەرانەیان ئەنجامداوە، هێزی تورکی بۆ دۆزینەوەی شوێنیان پشتیان بە پاشماوەی شوێن پێیەکانیان دەبەست لە هاتوچوونیان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، چونکە کاتی بەفربارین بوو لە ناوچەکە دا. حکومەتی عێراقی ڕادەگەیێنێت پێش چەند ڕۆژێك هێزەکانمان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی لایەنگرەکانی خەلیل خۆشەوی توانیویانە دووکەسیان لێ بر یندار بکەن وە یەکێکیان لێ بکوژن، دواتر (3) کەس لە 1936/1/21 ڕۆژی سێ شەممە خۆیان داوە دەست بنکەی پۆلیسی هێزەکانمان لەگوندی (زێت)، وە بەپێی زانیارییەکان لە 1936/1/20 مەفرەزەیەکی تورکی لەگەڵ ئەشقییەکان تووشی پێکدادان هاتوون، لە ئەنجامدا دووکەسیان لێ کوشتوون، وە سێ کەسیان لێ بریندار کراون و، بەردەوامە لە بە دواگەڕان و دەرکردنیان. لە ئەنجامی پاڵەپەستۆی هێزەکانی تورك بەسەر خەلیل و هاوڵانی، هەوڵیانداوە بگەڕێنەوە ناوخاکی عێراق، بەڵام هێزەکانی عێراقی ڕووبەڕوویان بوونەتەوە، ناچاربوونە خۆیان حەشاربدەن لە ناو ئەشکەوتەکان، کە ئەوکاتە ژمارەی چەکدارانی خەلیل خۆشەوی (60) کەس بوونە، لە دواتر دا هێزەکانی تورکی گەمارۆیان داون لە گوندەکانی (بێگور، شەروێنا، کەلێت، هەرکشك، ئێنەدار) لە باکوری کوردستاندا، لەگەڵ ئەمەش دا هێزەکانی تورکیا و عێراق هاوکاری یەکتریان لە سەر ڕاوەدوونانیان. حکومەتی عێراق ڕایدەگەیەنێت بە پێی زانیارییەکان لایەنگرەکانی خەلیل خۆشەوی توانای بەرگری کردنیان نەماوە و دەکرێت بگوترێت بەتەواوی نەمابن یاخود چوو بوون بۆ ناحیەی (چاڵ) لەقەزای (بیت شباب) لە تورکیا (ئەرگوشی، 2010، 62-64).

بەپێی گوتەی هێزەکانی تورکی چەند کەسێك لە ئەشقییەکان بینراون کە بڵاوبوونەتەوە لە چیاکانی نزیك قەزای ئامێدی و زاخۆ، وە هێزەکانی تورکیا هەوڵیان داوە دەستگیریان بکەن. هەر ئەمەش وایکردووە بەرپرسی مەفرەزەیەکی تورکی لەگەڵ (50) کەس لە سنووری قەزای زێبارەوە هاتوون بۆ بنکەی پۆلیسی (شێروان مەزن) بۆ گفتۆگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی مەفرەزە عێراقییەکان بە مەبەستی دانانی پلانێکی پێویست بۆ دامرکاندنەوەی چەکدارانی خەلیل خۆشەوی، کە بەهاوکاری هەندێك هۆزی تورکی لە 1936/2/27 خاکی تورکیایان بەجێهێشتووە و پەڕینەتەوە ئەودیوی سنووری نزیك قەزای زاخو، خەلیل خۆشەوی و هاوکارانی هەوڵدەدەن ڕێگایەك بۆ خۆیان بدۆزنەوە (ئەرگوشی، 2010، 62-64).

سەرئەنجام هاوکاری و هەماهەنگییەکانی تورکیا بۆ عێراق لەدژی خەلیل خۆشەوی گەیشتە ئامانج و خەلیل خۆشەوی شەهید کرا ، کە لە وەرزی بەهاری ساڵی 1936 دا لە ئەشکەوتێك دا دەمێننەوە لە نزیك گوندی (هرباشك) لە ناوچەی ڕێکانییەکاندا، سەرئەنجام لەم ئەشکەوتەدا گەمارۆدران بەهێزی حکومی و بەکرێگیراوان، تا دوا هەناسەیان بەرگری یان کرد، خۆیان بەدەستەوە نەداوە. لە کۆتاییدا لە ڕێکەوتی 1936/3/13 خەلیل و (12) کەس لەهاورێیەکانی شەهید کران. لەم بارەوەش بەڵگەنامە بەریتانییەکان ئاماژە بە ڕۆڵی تورکیا دەدەن لەم چالاکییە و بە سەرکەوتنێکی گرنگ هەژماری دەکەن. هەروەکو دەبینین لە خاڵی دووەم و سێیەمی تەلەگرافێکی ئارچیباڵد کلارك کێر دا دەڵێت:

لە ئەنجامی ئەو ڕاوەدوونانەی کە ئەنجام درا لەلایەن هێزە زەبروەشێنەکان لە کەرتی بارزان لە بەیەکدادانێك دا کەڕوویدا لە ووچانی سێزدەهەمدا، خەلیل خۆشەوی و سەلیم خۆشەوی و سێ ئەندامی تری کۆمەڵەی خۆشەوی کوژران و، شەش ئەندامی تری کۆمەڵەکە دەستگیر کران. بەپێی ئۆپەرسیۆنەکانی ڕاوەدوونان لەو کەرتەدا لەوانەیە وا دانرابێت کە کۆتایی پێهێنرابێت بە لەناوبردنی ئەم کۆمەڵەیە. ئەم سەرکەوتنە لەئەنجامی چەند ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەش بوو کە ئەنجام دران لەنێوان هەردوو هێزی سنووری تورکی و عێراقی، کەوا بە توندی گوشاریان خستە سەر خەلیل خۆشەوی و کۆمەڵەکەی لە سەرەتای ساڵی نوێوە.بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامەوانی چوار سەربازی تورکی کە لە دوا بەیەکدادانەکاندا بریندار بوون، هێنران بۆ نەخۆشخانەی موسل بۆ چارەسەرکردن. ئەوان زۆر بەباشی مامەڵەیان لەگەڵدا کرا، هەروەها هەریەکە موتەسەرف و موختار سەردانیان کردن(2860/12/IOR/L/PS).

3.2. دووەم: ئێران

سیاسەتی ئێران هەر لەسەرەتاوە لە دژی هەموو شۆرش و جوڵانەوەیەکی کوردی و جوڵانەوەکانی بارزان بوو، چونکە ترسیان هەبوو ئەم شۆرش و جوڵانەوانە بپەڕێتەوە بۆناو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، هەربۆیە دەبینین لە سەردانەکەی مەلیك فەیسەڵ لە 1931/4/28 لە کۆشکی گوڵستان کۆبونەوەیەکی فراوان بەڕێوەچوو لە نێوان هەریەکە لە (فروغی و تەیمورتاش) لەلایەنی ئێرانی و (نوری سەعید و ڕۆستەم حەیدەر) لەلایەنی عێراقی دا، کە تیایدا باسیان لەسەر سێ کێشە کرد، لەوانە کێشەی شەتولعەرەب و هاریکاری نەوتی لە نێوانیان و کێشەی کورد. ئەوەی پەیوەست بێت بە کێشەی کوردەوە، ئەوا لایەنی ئێرانی پێداگریان کرد لەسەر ئەوە کە ئێران دەروازەکانی داخراو دەبێت بەرامبەر هەر داواکارییەکی کورد کە ڕەنگدانەوەیەکی نەتەوەی هەبێت، تەنانەت داوایان لە عێراقیش کرد وەکو تورکیا لەوبارەیەوە لەگەڵیان هاوڕابێت(کەریم، 2022، 143). هەربۆیە دەبینین هیچ هاوکاریەکیان بۆ جوڵانەوەکەی بۆ شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزان نەبوو، تەنانەت لە دژی وەستانەوە، تەنانەت حکومەتی عێراقی لەڕێکەوتی 1932/7/18 داوای لە حکومەتی ئێرانی کرد کە ئەگەر هاتوو شێخ ئەحمەد بارزانی و لایەنگرەکانی پەنایان هێنایە بەر بەر خامی ئێران، ئەوا دەستگیری بکەن (کەریم، 2022، 181). هەروەها لەسەردەمی جوڵانەوەکانی خەلیل خۆشەوی دا کە درێژکەرەوەی شۆڕشی یەکەمی بارزان بوو. هەربۆیە دەبینین لە ئەنجامی پاڵەپەستۆیەکی زۆری تورکیا و عێراق بەسەر خەلیل خۆشەوی و لایەنگرەکانی، ئەوا لەیەکتر پەرت و بڵاوە بوون، بوونەتە گروپ گروپ لەشاخەکاندا، هەوڵی ڕزگار بوونیان دەدا، چونکە لە بارودۆخێکی دژوار و برسێتی سەخت دا دەژیان ، بە پێی بیروڕای شارەزایان خەلیل خۆشەوی و هاوخەباتکارانی لە لەناوچوون نزیك بوونەتەوە، ئەو ماوەیە چەند بێت مانگێکی

تر درێژە ناکێشێت. لە ناچاریدا خەلیل خۆشەوی لەگەڵ هەشت کەس لە خزمەکانی پەنایان بردبووە بەر خاکی ئێران، لە ئەنجامی پاڵەپەستۆ و ڕاوەدوونانی هێزی تورکی و عێراقی، حکومەتی عێراقی لەو کاتەدا ڕایگەیاند ئەو کەسانەی خۆیان داوەتە دەست هێزی حکومەتەوە بە بەر لێبوردن کەوتوون، وە ئەوەی ئێستاش دەگەڕێتەوە لێبوردنی بۆ دەردەچێت، دواین کەس لە لایەنگرانی خەلیل خۆشەوی کە خۆی داوەتە دەست (ئەرگوشی، 2010، 68).

تەنانەت بەڵگەنامەکانی بەریتانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ژمارەی لایەنگرانی خەلیل خۆشەوی کەم بۆتەوە، ناوبراویش ناچاربووە ڕووی لە ئێران کردووە، هەروەکو لەڕێکەوتی 1935/5/26 لە تەلەگرافێکی بێتمان بۆ سامویل هۆرس دەڵێت:

ئاماژە بە شاند کردنم ژمارە 475 لە 5ی ئەیلولی ڕابردوو، شەرەفمەندم کە پێتان ڕابگەیەنم کەوا خەلیل خۆشەوی ڕایکردووە بۆ ناو خاکی وولاتی فارس (ئێران) لەگەڵ 20 پیاو لە شوێنکەوتووەکانی. خانەوادەکەی دەستگیر کراوە، هەروەها کۆی 63 کەس لە شوێنکەوتووانی حوکم دراون لەلایەن دادگای سەربازیەوە. تاکو ئێستا تەنها هەشت کەسیان حوکم دروان بە مردن و، لە سێدارە دراون. ئەوانەی کە ماون حوکم دراون بە ماوەی جیاجیای زیندانیکردن و نێردراون بۆ شوێنە ناخۆشەکانی باشوری عێراق.. لە گفتوگۆیەکدا بەم دووایانە،یاسین پاشا پێی گوتم کەوا سیاسەتی چۆلکردنی گوندەکان لە دەوروبەری ئۆپەراسیۆنەکانی خەلیل خۆشەوی گۆڕا بۆ ئەوەی سەرکەوتنێکی تەواو بێت (PS/L/IOR/12/2860.).

لەگەڵ ئەمەش دا ڕۆژنامەی (فتى العراق) زانیاری جیاوازترمان لە بارەی ژمارەی لایەنگرانی خەلیل خۆشەوی و پەڕینەوەیان بۆ دیوی ئێران دەدەت، کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ خەلیل خۆشەوی لەگەڵ (12) کەس لە پیاوەکانی پەنایان بردووەتە بەر خاکی ئێران، ئەوان لە دەست هێزەکانی تورکی و عێراقی ڕایانکردووە، چونکە لە دەرکردنیدا بەردەوام بوون، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات 25 کەس لە لایەنگرەکانی خەلیل خۆیان ڕادەستی هێزی حکومەتی عێراقی کردووە و، بە بەر لێبوردن کەوتوون وە حکومەت ڕایگەیاندووە کە دەرفەت بۆ ئەوانی تریش هەیە ئەگەر خۆیان بدەن بەدەستەوە، لێبوردنیان بۆ دەردەکات. سەرئەنجام لەڕێکەوتی 1935/10/10 پێنچ شەممە، 20 کەس لە لایەنگرەکانی خەلیل خۆشەوی خۆیان دا بە دەست حکومەتی عێراقی لە قەزای زێبار، بەمەش بەردەوام ژمارەی پیاوەکانی خەلیل خۆشەوی لە کەمبوونەوە دابوون، ئەوانەی مابونەوە سوودیان لە سەختی شاخەکانی سەرسنوور وەردەگرت و پەنایان دەبردە بەر خاکی تورکیا، حکومەتی تورکیاش لە ڕاوەدونانیان بەردەوامبوو، وە هەوڵی دەستگیرکردنی ئەوانی دەدا، جگە لە تورکیا، ئێرانیش ئامادەیی خۆی پیشان دا بۆ دەستگیر کردنیان، هەر بۆیە کاتێك خەلیل خۆشەوی و هاوڕێکانی پەنایان بردە بەر خاکی ئێران، ئەوا ئێران ئامادە دەبێت بۆ دەستگیر کردنیان و دانەوەیان بە دەسەڵاتدارانی عێراقی. لەم بارودۆخەدا لە خاکی عێراقدا (ناوچەی زێبار) ئەشقییە بارزانییەکان نەمابوون، وە ئەوەی مابونەوە لە چیای گوڤەند بوون لەو دیوی سنووری عێراق، واتە لەناو خاکی تورکیا دا بوون، ئەوانیش ژمارەیەکی کەمن گەمارۆدراون، هیچ ڕێگایەکیان لەبەردەمیان نەماوە تەنها ئەوە نەبێت خۆیان بەدەستەوە بدەن، یاخود لە برسان بمرن، یانیش پەنا ببەنە بەر خاکی ئێران، لە هەر سێ هەڵبژاردەدا چارەنووسیان ماندوو بوون و لەناوچوون بوو، لە ئەنجامی کۆتایی هاتنی کارەکانی هێزی حکومی لە سەرکوت کردنی ئەشقییەکان و لەناو بردنی ئەو کەسانەی یارمەتیان دەدان، شتێکی چاوەڕوان کراوبوو پاش چەند ڕۆژێکی کەم بەکۆتایی هاتنی کارە سەربازییەکان، حکومەت هەڵوەشانەوەی حوکمی عورفی ڕابگەیێنێت (ئەرگوشی، 2010، 69-70).

4. تەوەرەی دووەم: هەڵوێستی وڵاتان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەرامبەر جوڵانەوەی بارزانییەکان 1930-1936

4.1. یەکەم: کۆمەڵەی گەلان

شۆڕشی یەکەمی بارزان بووە هۆی ئەوەی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەدژی بوەستنەوە، تەنانەت بەریتانیا بە توندترین شێوە لەڕێگەی فڕۆکەوە بۆمبارانی بارزانی کرد و چەندین خەڵکی بێ تاوانیان شەهید کرد و ماڵی خەڵکێکی زۆریان سوتاند، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە کۆمەڵەی گەلان بەهیچ شێوەیەك لەدژی ئەو پرۆسەیە نەوەستان و بەهیچ جۆرێك وڵاتانی پێشکەوتوخواز دژی ئەم هێرشانە نەوەستانەوە، بچوکترین ڕەخنەشیان ئاڕاستەی بەریتانیا نەکرد. هەر ئەمەش هۆکاربوو بۆ ئەوەی بەریتانیا بەویستی خۆی چۆن بیەوێت کوشتار و بۆمبارانی ناوچەکە بکات، بۆ ئەم مەبەستە "ویلسۆن" حاکمی سیاسی بەریتانیا لە عێراق لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەڵێت "بارودۆخی کەمینەکان لە عێراق جیاوازە لەوانیتر، بەهۆی نەبوونی ئەندام یاخود نوێنەر لە کۆمەڵەی گەلان بۆ ئەوەی دەنگیان بگەیەنێتە جنێف" (دیڤید مکداول، 286؛ کەریم، 2022، 177).

4.2. دووەم: بەریتانیا

هەر لەسەرەتاوە بەریتانیا هەوڵی داوە شێخ ئەحمەد بارزانی و شۆرشەکەی کۆنترۆڵ بکات و هەستی نەتەوایەتی و بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان لاواز بکات، بەڵام ئەمەی وەکو پێویست بۆ جێبەجێ نەکراوە بەهۆی بەرگریکاری و هەستی ناسیۆنالیستی لەلایەن کورد بەگشتی شێخ ئەحمەد بارزانی بەتایبەت لەو کاتە دا ، کە بە هیچ شێوەیەك هاوکار و هەماهەنگ نەبوو لەگەڵ بەریتانیا (Jebb, 1919, 4). لە دواتریش دا زۆر هەولیاندا بە هەر جۆرێك بێت شێخ ئەحمەد بارزانی لەڕێگای بەخشینی دیاری و میوانداریەوە بۆ خۆیان رابکێشن. وەکو شێخ و کەسە دیارەکانی بادینان و دەوروبەری ئاکرێ میوانداری دەکەن، لەو میوانداریەش دا هەر میوانێك یەك (پاڵتۆ)ی پێدەدرێت وەکو دیاری، بەڵام شێخ ئەحمەد بەهیچ جۆرێك بەشداری ناکات و تەنانەت نوێنەری خۆشی نانێرێت(T.C. 30-10-0-0. 112.756.16). سەرئەنجام چەندین هێرش کرایە سەر بارزان و لەلایەن بارزانیەکانەوە بەرپەچ دەدرانەوە، سەرئەنجام هێزێکی بە بەشداری 4437 سەرباز و شەش تیپی پیادە و 250 ئەفسەری سەربازی بەشداری هەڵمەتێکیان کرد، بەڵام ئەم هەلمەتە توشی شکستێکی زۆر بوویەوە لەلایەن بارزانییەکانەوە بەرپەرچ درایەوە، تەنانەت دواتر بە چەند قۆناغێك هێزی ئاسمانی بەریتانی (R.A.F) چەندین جار بەشداری لە لێدانی هێزی بارزانیەکان کرد و بە توندترین شێوە بۆمبارانی ناوچەکانی دەڤەری بارزانی کرد، بەڵام نەیانتوانی شکست بە شۆڕشەکە بهێنن، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر خەلکی سیڤیل و گوند و مەڕ و ماڵاتیان سوتاند کە بریتی بوون لە 79 گوند، وە لە کۆی 2382 خانوو دا 1365 خانوو ڕوخێنرا، سەرەڕای ئەمانەش مین فڕێدرایە خوارەوە، کە هەموو ئەوانە وایکرد خەڵکەکە بە شەو و ڕۆژ لە ئەشکەوتەکان بمێننەوە (کەریم، 2022، 176-177). ئەوەی جێگای ئاماژەیە بەڵگەنامەیەکی بەریتانی لە ڕێکەوتی 1932/7/25 ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بەشێك لە فڕۆکە بەریتانییەکان لە

میسرەوە هاتبوون و ئەم بۆمباران كردنەشیان بەسەركەوتن هەژمار دەكرد (5.10604/0.2.D).

لە سەردەمانی دواتردا بەریتانیا جوڵانەوەكانی ڕاگرت، بەڵام بە ناڕاستەوخۆ دەستی لەناو كاری حكومەتی عێراقی وەردەدا و زەختی لە حكومەتی عێراقی دەكرد تاكو بكوژی پۆلیسە مەسیحیە عێراقیەكە دەستگیر بكەن. خەلیل خۆشەوی یەكێك بووە لەو كەسانەی لەگەڵ (شێخ محەممەد سدیق) لەسەر داوای حكومەتی عێراقی بۆ دانوستان و بە مەبەستی چارەسەركردنی كێشەی نێوان بارزانیەكان و برادۆستەكان چووبوونە قایمقامیەتی قەزای زێبار (بلێ). ئەم بانگهێشتەی شێخ محەممەد سدیق نەخشە و پیلانی حكومەت بوو داپڕشتبوو بە مەبەستی چۆڵكردنی بارزان لە چەكداران، بۆئەوەی فەرمان داری سوپای عێراقی (عەقید بەرقی بەگ) بە ئاسانی دەست بگرێت بەسەر بارزان و شێخ ئەحمەد دەستگیر بكات، بەڵام حكومەت نەگەیشتە ئامانجەكەی خۆی، بەڵكوو لەبەرامبەردا (شێخ محەممەد سدیق) كاتێك بە هێرشكردنە سەر گوندی بارزانی زانی، بەپەلە هێزێكی لەبەردەم سنووری برادۆستەكان بە سەركردایەتی (حەسو محەممەد ئەمین بێرسیاقی) دانا و توانی قایمقامی قەزای زێبار لەگەڵ هەشت پۆلیس دەست بەسەر بكات و لەگەڵ خۆی بهێنێتەوە بارزان، لە كاتی هێنانیان بەرەو بارزان یەكێك لە پۆلیسەكانی قایمقام لەنزیك گوندی (بێدارون) هەوڵی ڕاكردنی دا، لەلایەن بارزانیەكان تەقەی لێ دەكرێت و لە ئەنجامدا گیانی لەدەست دەدات، ئەم پۆلیسەش تاكە پۆلیس بوو لەناو پۆلیسەكان كوژرا بە ئایین مەسیحی (ئاشووری) بوو، هەر بۆیە بەریتانیا لەبەرامبەر ئەمەدا داوای ئەوەی كرد (خەلیل خۆشەوی) ڕادەستیان بكرێت و، تاوانبار كرا بەوەی كە بە ئەنقەست پۆلیسە مەسیحییەكەی كوشتووە (بارزانی، 2008، 27). بۆ ئەمەش بەڵگەنامە بەریتانییەكان ئاماژە بە كوژرانی پۆلیسێكی ئاشووری دەكەن و خەلیل خۆشەوی بەم كوشتنە تاوانبار دەكەن، خودی بەڵگەنامەكەش دەڵێت:

حكومەتی عێراق ئاگاداری خەلیل خۆشەوی و شوێنكەوتووە یاخی بووەكانی كردەوە كەوا ئەوان ئامادەن بۆ بەخشینی دەخالەت بۆ هەریەكە لە خەلیل خۆشەوی و شوێنكەوتووەكانی. سەرەڕای ئەمەش خەلیل خۆشەوی ئاگادار كراوەتەوە كەوا ژیانی پارێزراو دەبێت. تاكو ئێستا وەڵامەكەی زانراو نییە. بە بیرمان دێتەوە كەوا خەلیل خۆشەوی دوور خراوەتەوە لە مەرجەكانی ئەو خۆبەدەستەوەدانەی كە خراوەتەڕوو بۆ سەركردەكانی بارزان لە ساڵی ١٩٣٢ و ١٩٣٣، چونكە ئەو پۆلیسێكی ئاشووری كوشتووە كەوا دیل بووە لە دەستی ئەودا (11.IOR/R/15/2/294, p).

## 5. ئەنجام

لە ئەنجامی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەنەند ئەنجامێك، لەوانە:

یەكەم: وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەماهەنگ و هاوهەڵوێست بوون لە كپكردنەوەی جوڵانەوەی بارزانیەكان لەماوەی ساڵانی 1930-1936.

دووەم: كۆمەڵەی گەلان سەرەڕای هەبوونی ئەو هەمو كوشتار و كاولكارییەی فڕۆكەكانی بەریتانی لە بارزان، بەڵام بێدەنگ بوون و بەیەك وشەش ناڕەزایەتی خۆیان دەرنەبڕی.

سێیەم: بەریتانیا هەر لەدوای جەنگی دووەمی جیهانەوە هەوڵیداوە كۆنترۆڵی بارزان و شێخ ئەحمەدی بارزان بكات، بەڵام ئەمەی بۆ جێبەجێ نەبووە لە هەموو قۆناغەكان دا.

چوارەم: هاوكاری توركیا بۆ عێراق بۆ كۆتایی هێنان بە جووڵانەوەی خەلیل خۆشەوی تاكو كۆتایی ڕووداوەكان بەشداریان كرد و هێزێكی زۆریان هێنا بۆ ناو سنووری عێراق.

پێنجەم: بۆمباران كردنی دەڤەری بارزان لەلایەن بەریتانیەوە بەسەركەوتن هەژمار كراوە، كە بەشێك لە فڕۆكەكانیش لە میسرەوە هاتبوون.

## 6. لیستی سەرچاوەكان:

### 6.1. بەڵگەنامە بەریتانییەكان

1. Coll 17/17 'FO Annual Reports, 1932-1938, 1947. Annual review of events 1939-1942. Political Review 483), British Library: India/95v] (1901943-1944' [ ce Records and Private Papers, Offi IOR/L/PS/12/2877, p.16-17.

2. Coll 17/17 'FO Annual Reports, 1932-1938, 1947. Annual review of events 1939-1942. Political Review 483), British Library: India/95v] (1901943-1944' [ ,Office Records and Private Papers /2877, p.55.IOR/L/PS/12

3. Gladwyn Jebb, Personalities in Kurdistan "June 1919", Baghdad: The Government Press, 1919.

4. [9rFile 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [ British Library: India Office Records and ,(268/22) .Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.13

5. [9rFile 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [ British Library: India Office Records and ,(268/22) .Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.12

6. [9rFile 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [ British Library: India Office Records and ,(268/22) OR/R/15/2/294, p.11.Private Papers, I

7. Coll 17/10(1) 'Internal: political situation; relations 982), British Library: India/148r] (300with HMG' [ ,Office Records and Private Papers .IOR/L/PS/12/2860

### 6.2. بەڵگەنامە توركیەكان

1. T.C. 030-0-010-000-000-259-741-10.

2. T.C. 30-10-0-0. 112.756.16.

6.3. كتێبەكان

1. بارزانی،أیوب. (2002). المقاومة الكردية لاحتلال 1914-1958، دار النشر حقائق المشرف، جنيف.
2. البارزاني،عزيز حسن عزيز . (2002). الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان العراق 1939-1945، دهوك: دار سپيرز للطباعة والنشر.
3. کەریم، مستەفا محەممەد. (2022). پێشهاتە سیاسییەکانی دەڤەری بارزان، لە ماوەی ساڵانی 1902-1932، هەولێر، چاپخانەی رۆکسانا.
4. بارزانی، مەسعود. (2008). بارزانی و بزووتنەوەیرزگاریخوازی کورد، بەرگی یەك، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر ئیسماعیل، هەولێر: موکریان.

6.4. دکتۆرانامەی بڵاونەکراوە

شواني، سەرسام خليل عمر. (2021). دور النخب السياسية في تطوير العلاقات بين المملكة العربية السعودية وتركيا وانعكاستها على اقليم كوردستان العراق (2014-2018).

6.5. ماستەرنامەی بڵاونەکراوە

✓ ئەرگوشی، رۆژ عەبدوڵڵا عادل . (2010). ناوچەی بارزان لەنێ،ان ساڵانی 1931-1946 "لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە"، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەددین.

الملخص:

اعدام الشيخ عبد السلام البارزاني الثاني عام 1914 لم ينه فكر التحرر القومي من قبل البارزانين" بل تسببت ثورة بارزان الأولى في بروز العديد من القادة البارزين بين البارزانين كما أظهرت حقيقة أن الشيخ أحمد البارزاني نفسه كان ماهرا جدا واستولى على جميع القبائل السبع التابعة لاتحاد بارزاني ولم يقبل الظلم والاضطهاد من قبل الحكومة العراقية - البريطانية، وهذا ما دفع الحكومة العراقية إلى طلب المساعدة والتعاون في بريطانيا وإيران وتركيا للتغلب على تحركات بارزان بشكل عام. و يأتي هذا البحث من مدخل واحدة ومبحثين رئيسيين وفي مدخل سيبحث المواضيع مهمة منها الوضع السياسي في منطقة بارزان قبل عام 1930، وفي المبحث الأول تم مناقشة موقف دول الاقليمية من تحركات بارزان في 1930-1936 أما في المبحث الثاني، فقد نوقش موقف الدولي من حركة البارزان بين عامي-1930 1936.

كلمة المفتاحية: شيخ أحمد، خليل خوشوي، بارزان، الكرد، بريطانية.

**Abstract:**

The execution of II Sheikh Abdulsalam Barzani did not end the liberation and nationalist thought of the Barzanis, While the first Barzani revolution led to the emergence of several prominent leaders among the Barzanis, and showed the fact that Sheikh Ahmad of Barzan skillfully controlled all of seven tribes which called The Barzan Federation. They will not submit to the Iraqi-British government. This caused a lot of.php problem for the Iraqi government and forced it to seek assistance and coordination from Britain, Iran and Turkey to suppress the Barzani movements. In general, this study consists an introduction with two chapters, which are divided into several topics. In the introduction, talked about the political situation in Barzan region before 1930. While the first chapter discusses the attitude of the countries against the Barzan movements of 1996-1936. The second topic discusses: the international attitude of countries towards the Barzani movement 1930-1936.

Keywords: Sheikh Ahmad, Khalil Khoshawi, Barzan, Kurd, Britain.